

# عەشق و سەربەستی

کریشنا مۆرتی لەفارسییەوە: جەواد حەیدەری

رەنگە هەندێک لە ئێوە لە هەموو ئەو شتانەی کە من لەبارەی ئازادی و سەربەستییەوە وتوومە بە تەواوی تێنگەیشتبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئێمە پێشوازی لە بیرو بۆچۆنی نوێ بکەین ، ئەو بیروبۆچوونانەی کە رەنگە ئێمە خوومان پێوە نەگرتبێت. سەیرکردنی شتەجوانەکان شتێکی زۆرباش و بەجێیە، بەڵام ئێوە دەبێ زۆر بە وردی سەیری شتە ناشیرینەکانی ژیانیش بکەن ، دەبێ لەبەرامبەر هەموو شتەکاندا ئاگا و وشیار بن ، ئێوە دەبێ رووبەرووی ئەو شتانە ببنەوە کە رەنگە بە تەواوەتی لێشی تێنگەیشتبێتن، چونکە هەرچی ئێوە

زیاتر بیر بکەنەوە و لەو شتانەی کە زۆر دژوارن بکۆڵنەوە زیاتر دەتوانن لەگەڵ شکۆمەندی ژیان هەڵبکەن.

نازانم ئایا هیچ کام لە ئێوە بەرەبەیان یان کەوتنی وێنەی خۆرتان لە ناو ئاودا بینیوە؟ ئایا سەیرتان کردووە کە لەو کاتەدا چ نوورێکی جوانی تێدایە وئەو ئاوەش چ جموجۆڵێکی هەیە؟ لەوددەمەدا ئەستێرەی بەیانی ، تەنها ئەستێرەیەکە کە بە ئاسمانەوە و بەسەر دەرختەکاندا دەگەیشێتەوە. ئایا هەرگیز سلێت لەو شتە جوانانە کردووە؟ یان ئەوەی کە زەینتان وەها سەرقاڵی کاروباری ژیانی ڕۆژانەیە کە ئەوانتان لە بیرکردووە، یان هەرگیز پەیتان بەو جوانییە شکۆمەندییەکەی زەوی نەبردووە، ئەو زەوییە کە دەبێ هەمووومان تێدا بژین و ژیانی تێدا بەسەر ببەین.

چ خـۆمـان بـە کۆمۆنیست، یان سەرمایەدار ، یان بودایی، یان موسڵمان یان مەسیحی بزانین ، کوێر بین یان چاوساغ ، نەخۆش بین یان لەشساغ ، دەبێ بژین و ئەم جیهانە هی هەمووومانە و ماڵی هەمووومانە. ئایا دەزانن ئەم زەمین و زەوییە هی ئێمە و ماڵی ئێمە و هی کەسی تر نییە. ئەم جیهانە تەنها بۆ بەهێزەکان و دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکان نییە، بەڵکو هی منە، هی تۆیە، هی ئەوانە، هی هەمووومانە. هەمووان دەبێ لەسەر ئەم زەوییە و لەم جیهانەدا بژین. جیهان تەنها بۆ زۆرداران و بەهێزان و دەسەڵاتداران نییە و نابێت بەڵکو ماڵی هەژاران و نەداران و بێهێزان و بێ دەسەڵاتانیشە. جیهان بۆ هەمووومانە نەک بۆ چین و توێژێکی تایبەت بەڵکو هی هەمووومانە. ئەوەی بە لای منەوە گرنگە و هەستیاریشە ئەوەیە، کە شێت و شەیدای ئەم گۆی زەوییە بین ، شەیدای ئەم جیهانە بین ، نابێت تەنها ئەو کاتانەی کە ئاشتی هەیە هۆگری جیهان و ئەم زەوییە بین، بەڵکو دەبێ هەمیشە ئاشق و شێت و شەیدای ئەم گۆی زەوییە بین. تەنها کاتێک دەتوانین هەست بەوە بکەین کە زەمین و ئەم گۆی زەوییە ماڵی ئێمەیە و بۆ ئێمەیە کە تێبگەین کە ئازادی و سەربەستی ڕاستەقینە چییە؟

ئێستا هیچ یەک لە ئێمە نیشانەیەک لە ئازادی و سەربەستی نابینین و نازانین کە ئازادی و سەبەرستی چ واتا و مانایەکی هەیە و بە چ واتایەکیش دێت. ئێمە هەمووومان حەزدەکەین و گەرەکمانە کە ئازاد و سەربەست بین و سەربەستانە بژین، بەڵام ئەگەر سەیری هەڵسوکەوتی مامۆستا ، دایکان و باوکان ، پارێزەران، پۆلیس، سوپا، سیاسەتمەداران دەکەیت، بۆتدەردەکەوێت کە هەر یەک لەوان لەملا و لەولا هەندێک ئیش و کار دەکەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕێگری لە ئازادی و سەربەستیدەکات.

ئازادبوون و سەربەستبوون ئەوە نییە کە ئێمە هەرچی دڵمان ویستی ئەنجامیبدەین، یان هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە تێکەوتووین بپسێنین، بەڵکو ئـەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە تێبگەین لەهەموو ئەو مەسەلانەی کە مرۆڤ تووشی وابەستەبوون دەکات. ئایا دەزانن کە وابەستەبوون چ واتا و مانایەکی هەیە؟ ئێوە وابەستەن بە مامۆستاکەتان، بە شیرفرۆشەکەتان، بە چێشتلێنەرەکەتان، بە پۆستەچێکەتان. ئەوجۆرە لە وابەستەبوون جێی تێگەیشتن و هەستپێکردنە، بەڵام جۆرێکی تر لەوابەستەبوون هەیە کە پێویستە هەموو کەسێک بەرلەوەی ئازاد و سەربەست بێت لێیتێبگات و ئەویش ئەو وابەستەبوونەیە کە پێناوخۆشحاڵ و شادبوون و ڕازیبووندایە. ئایا دەزانی وابەستەبوون بەکەسێکی تر لە پێناو خۆشحاڵبوون و شادی چ واتایەکی هەیە.

**ئازادبوون و سەربەستبوون ئەوە نییە کە ئێمە هەرچی دڵمان ویستی ئەنجامیبدەین، یان هەموو ئەو کۆت و بەندانەی کە تێکەوتووین بپسێنین،**

ئەو وابەستەبوونە وابەستەبوونێکی جەستەیی و فیزیکی نییە، بەڵکو وابەستەبوونێکی دەروونییە ، لەو شتەی کە پێیدەڵێ شادی وخۆشی سەرچاوە دەگـرێ، چونکە ئەو کاتەی کە بەو شێوەیە وابەستەی کەسێک دەبێت، لە ڕاستیدا خۆت دەکەی بە کۆیلە و بەردەست. هەرکاتێک بەو شێوەیە پەروەردە بکرێت، ئیتر وابەستەی دایک و باوک و مامۆستا و هاوسەر و بـرادەر یان بیرو باوەڕێک دەبی ، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ کۆیلەبوون. هەرچەند ئێمە بە تایبەتی لە سەردەمی گەنجی و لاویدا حەزمان لە ئازادی و سەربەستییە، بەڵام هیچمان لەو مەبەستە بە باشی تێناگەین.

بۆ ئازادبوون و سەربەستبوون دەبێ ڕاپەڕین و بەرەنگاری هەموو وابەستە دەروونی و دەرکییەکان ببینەوە، بەڵام هەتا تێنگەین لەوەی کە بۆچی وابەستەین، هەرگیز ناتوانین بەدژی وابەستەبوون بوەستینەوە. مادام لە وابەستەبوون تێگەیشتووین و نەمانتوانیوە خۆمان لە بەند و کۆتی وابەستەبوون ڕزگار بکەین هەرگیزیش ناتوانین ئازاد و سەربەست بین. چونکە تەنها لەو تێگەیشتن و ناسینەیە (ناسین و تێگەیشتن لە وابەستەبوون) دەتوانین دەستمان بە سەربەستی و ئازادی بگات، بەڵام ئەو ئازادییە بە واتای پەرچەکردار نییە، ئایا دەزانن پەرچەکردار چ واتا و مانایەکی هەیە؟ هەرکاتێک من قسەیەک بکەم کە تۆ بێتاقەت و بێزاربکەم ، یان هەر کاتێک ناو و ناتۆرەیەکی ناخۆش لەتۆ بنێم و تۆ دڵت لە من برەنجێ و بێتاقەت بێ و تورە

بی ئەوە پەرچەکردارە. پەرچەکردار و دژەکردار لەدایکبووی وابەستەبوونە. سەربەخۆیی خۆی جۆرێکی ترە لە پەرچەکردار، بەڵام ئازادی و سەربەستی پەرچەکردار و دژەکردار و کاردانەوە نییەمادام لە پەرچەکردار و کاردانەوە و دژەکرداری خۆمان تێنەگەیشتبێتین و هەنگاومان بۆ هەڵنەگرتبێت ،هەرگیز ناتوانین ئازادی و سەربەستیمان دەستکەوێت. ئایا دەزانن عاشق و هۆگربوون بە کەسێک یان شتێک چ واتا و مانایەکی هەیە؟ ئایا دەزانن کاتێک شێت و شەیدای باڵندەیەک یان کەسێک یان دەرختێک یان شتێک دەبن چ مانایەکی هەیە؟ ئایا دەزانن کاتێک عاشق و ئەویندار و هۆگری گیاندارێکی دەستەمۆ و ماڵی دەبن چ واتایەکی هەیە بەتایبەت ئەو کاتەی کە خزمەتی دەکەیت و دان و ئاوی پێدەدەی بە بێ ئەوەی چاوت لە پاداشت و دەستخۆشانە بێت، پەنای دەدەی، هەرچەند ڕەنگە خۆت شوێن و جێ و ڕێیەکی ئەوتۆشت نەبێ، پێدەچێت هەر بە شوێن تۆش نەکەوێت و هۆگر و وابەستەی تۆش نەبێت. ئێمە مانا و واتای عاشقبوون و هۆگربوون و ئەوینداربوون و شەیدابوون نازانین و ئێمە عاشق و ئەوینداڕێکی ڕاستەقینە نین، هەر بۆیە مانای شەیدابوون و هۆگربوون نازانین و بەردەوام لە شک و گومان و نیگەرانیداین و فرمێسک و ترس هەمیشە چواردەوری عەشق و خۆشەویستی ئێمەی گرتووە. هەرئەوەش وای کردووە کە لە دەروونەوە هۆگر و وابەستەی کەسێکی تر یان شتێکی تر بین و حەز دەکەین کە ئێمەیان خۆشبوێت. کاتێک دڵداری دەکەین ، کاتێک خۆشەویستی دەکەین هەر بە دڵداری و خۆشەویستییەکە ڕازی نابین و خوازیاری شتی تریشین و ئەو خوازیاربوونە، ئەو داواکارییە، ئەو ویستنە خۆی وابەستەبوونە ، واتە ئەوەی کە ئێمە وابەستەی تۆین.

عەشق و خۆشەویستی پەرچەکردار و دژەکردارنییە، عەشق و ئازادی لە تەنیشت یەک و پێکەوەن، ئەگەر تۆ تەنها لەبەرئەوە منت خۆش دەوێ کە عاشق و هۆگرت بم ئەوە عەشق نییە ئەوە مامەڵەیە ، بازرگانیکردنە. خۆشویستن بەو واتا و مانایە نییە کە تۆ لێیتێگەیشتووی ، نابێت لە خۆشەویستیدا چاوەڕوان پاداشت و دەستخۆشانە بین و یان هەست بەوە بکەین لە پێناو شتێکدا دەبێ شتێکی تر وەربگرین و مامەڵە بکەین. نا... نا ... تەنها وەها عاشقێک دەزانێ کە ئازادی و سەربەستی چییە؟ من سەیردەکەم کە ئێوە بەو جۆرە پەروەردە نەکراون. ئێوە فێری بیرکاری و کیمیا و جوگرافی و مێژوو و باقی زانستەکانی تر دەبن و بوون ،هەر لێرەشدا ئەو زانستانە پاش فێربوونیان تەواو دەبن ، چونکە دایک باوکتان تەنها یەک ئامانجی ئەوەبووە کە ئێوە ئیش وکارێکتان دەستکەوێت و ماڵ و حاڵێک بۆخۆتان پێکەوە نێن و لەژیاندا سەرکەوتوو بن. ئەگەر باری دارایی باوکتان باش بێت ڕەنگە بتانێرێتە دەرەوە ، تەنها ئامانج و ئارەزووی ئەوان ئەوەیە کە ئێوە بگەن بە کامەرانی و خۆشبەختی و بەختەوەری و لە کۆمەڵگەدا ببنە خاوەن پلەو پایەکی بەرز، بەڵام هەرچی لە شاخی سەرکەوتن سەرکەویت شتێک جگە لە بەدبەختی و چارەڕەشی و زیانگەیاندن بەکەسانی تر نابینی ، چونکە بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن ناچاریت کە چاولێکەری و لاساییکەیتەوە بکەویتە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوانی تر و ستەمیان لێبکەی. دایک و باوکان منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ( ئەو شوێنەی کە لە ڕاستیدا قەت عەشقی ڕاستەقینەی تێدا نییە) لەباتی ئەوەی فێری عەشق و خۆشەویستی بن، فێری لوتبەرزی و غرور و مونافسە و پێشبرکێی ناسالم و لاساییکردنەوە و چاولێکەری دەبێ ، هەر ئەوەش وادەکات کە کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە بەرەو گەندەڵی و پووکانەوە بڕوات . قەتیش بڕوام بە قسەی سیاسەتمەداران و کاربەدەستان و ئەوانەی تەنها بە قسە باس لە ئاشتی و ئارامی دەکەن نییە، قسەکانیشیان مانایەکی ئەوتۆی نییە.

کەواتە من و تۆ دەبێ بە گشتی لە مەسەلەی ئازادی تێبگەین، دەبێ بزانین کە بەڕاستی خۆشویستن چ واتا و مانایەکی هەیە. هەتا عەشق و خۆشەویستی نەکەین هیچ کات ناتوانین کە هیچ بیر و ئەندێشەیەک وەربگرین و پێشوازی لە بیر و ئەندێشەی نوێ بکەین، هەتا خۆشەویستی نەکەین، ناتوانین ئاگامان لەدڵی کەسانی تر بێت. زۆرجار بەردێکی تیژ لەسەر ڕێگاری ڕێبوارێکی پێ پەتی دەبینی ، بەردەکە لەسەر ڕێگاکە لادەبەی ، نەک لەبەر ئەوەی داوایان لێکردبێتی بەڵکو لەبەرهەستی دڵسۆزی و هاوخەمی خۆت بۆ هاوڕەگەزەکەت، ئیتر گرنگ نییە ئەو ڕێبوارە کێ یە و کێ نییە،ڕەنگە بە حەیاتیشت ئەوت نەبینیبێت، بەڵام تەنها لەبەر دڵی ئەو ئامادە بووی ئەو کارە ئەنجام بدەی .

بۆ پەروەردەکردن و ڕێزگرتن لە گوڵ دەبێ ئاو و زەمینێکی پڕ پیت و لەبار هەبێت ، بۆ بینینی باڵندە و هەڵفرینی ئەو لە ئاسماندا هەمان شت، بۆ مرۆڤیش بە هەمانشێوە، بۆ کردنەوەی پەنجەرەکانی دەروونی خۆمان دەبێت ئازادی و سەربەستیمان هەبێت. بۆ ئەوەی ئازاد و سەربەستیش بین ،دەبێ عاشق و هۆگر و ئەویندار بین. بە بێ بوونی عەشق نیشانەیەک لەسەربەستی و ئازادی نییە ، عەشق بە بێ سەربەستی تەنها بیرۆکەیەکی بەتاڵە و هیچ واتا و مانایەکی نییە، هەر بۆیە تەنها ئەو کەسانە ئازاد و سەربەستن کە تێدەگەن کە وابەستەبوونی دەروونی چییە و چۆن دەتوانن خۆیان لە قەید و بەند وابەستەبوون ڕزگار بکەن. هەر ئەوانیش دەزانن کە خۆشەویستی و عەشقی ڕاستەقینەیە چییە ، هەر ئەوانیش دەتوانن شارستانییەتی نوێ و جیهانێکی لێوانلێو لە عەشق و خۆشەویستی و دوور لە هەر جۆرە ناپاکی و ناشیرینی دروست بکەن.

**سەرچاوە:**

-سایتی جیدۆ کریشنا مۆرتی